راپۆرتە هەواڵی ڕۆشنبیری:

# شیعر و فەلسەفە.. لێکۆڵینەوەیەکی دکتۆر موحەمەد کەمال لە بەر ڕۆشنایی فەلسەفەی ئەفلاتوون و هایدیگەر دا لە هۆڵی "میدیــا"ی ئەمستردام

سەردار فەتاح ئەمین

بەڕێز دکتۆر موحەمەد کەمال – (مامۆستای زانکۆی مایلبۆرنە– لە ئۆستراليا کە بەسەردانێک گەیشتبۆ ئەوروپا و گەشتێکی بە وڵاتەکانی ئەسکەندنافیادا کرد، ڕۆژی 2008/01/12 کاژێر (حەوتی ئێوارە) لە کۆڕێکی ڕووبەڕودا، لە هۆڵی یانەی "میدیــا" لە ئەمستردام، لە بەردەمی جەماوەرێکی تامەزرۆ و جدی ئەدەب و هونەردا لە باسێکی ئەکادیمی دا، لێکۆڵینەوەیەکی بە پێزی لە بەر ڕۆشنایی فەلسەفەی ئەفلاتون و هایدیگەر دەربارەی (شیعر و فەلسەفە)پێشکەش کرد، هونەرمەندی میوزیکژەن حەمە بەکر بە سەکسۆفۆنەکەی چەند پارچە ئاوازێکی کلاسیکی و کوردی ئاوێتەی کەشی کۆڕەکە کرد.




سەرەتا پێشکەشکەری کۆڕ بەڕێز (دکتۆر موحەمەد کەماڵ)ی ناساند و باسێکی کورتی سەردەمی منداڵی و گەنجی دوای ساڵی 1975 ی ئەو سەردەمەی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی کرد کە چۆن لە هەڵکشان و هەڵچونێکی بەرچاودا گەرموگوڕەیەکی سەیری بە تایبەت بە شاری سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستانی بەخشی بوو، کە لە دوای هەرەس لە ناو ڕۆشنبیران و گەنجانی ئەو سەردەمەدا بیری چەپ و چەپگەری سەری هەڵدابوو، گروپێکی کەم نەبێت، کە پییان دەووتن ووجودیەکان، یەکێک لەو گەنجانە دکتۆر موحەمەد کەمال بوو، کە کوڕەزای شاعیری گەورەی کلاسیکی کورد کەمالی(عەلی باپیر ئاغا)یە، کەمالی پەیامی شیعری کلاسیکی کوردی لە نالی و سالم و کوردی وەرگرتبوو، تا ساڵی ناوەڕاستی حەفتاکان ژیا، بە خۆیی و گۆچانەکەیەوە، چاوەکانی لەدەست دابوو، تەمەنی لە هەشتا ساڵ تێپەڕی کردبوو، ئەو پەیامەی دایە ئەدیبانی نەوەکانی ئەو کاتە.

دکتۆر موحەمەد کەمال پسپۆڕی فەلسەفەی هیگڵ، ئێستا مامۆستای فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتە لە بەشی خوێندنی ئاسیایی لە زانکۆی مالبۆرن لە ئۆستراليا، بە زمانی کوردی و ئینگلیزی دەنوسێت، چوار کتێبی بە زمانی ئینگلیزی و ئەم چاپکراوانەشی بە کتێب بە زمانی کوردی نوسیوە و بلاوی کردۆتەوە.

1– ئۆنتۆلوجی بنەڕەتی بوونی مرۆڤ (2001).

2– فەلسەفەی هیگڵ (2001).

3– کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا (2003).

4– فەلسەفەی سارتەر و خوێندنەوەیەکی نوێ (2003).

5- بوون و داهێنان (2004).

6- گفتوگۆیەک لەگەڵ مارتن هایدیگەردا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە؛ (2005).



کتێبی گفتوگۆیەک لەگەڵ هایدیگەردا

7- نیهێلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوەی (2005).

8- نیتشە وپاش تازەگەری (2006).

9- هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی (2007).

ناوەڕۆکی کۆڕەکەی دکتۆر موحەمەد کەمال پەیوەندیەکانی نێوان شیعر و فەلسەفەی لە دوو شێوازی جیاوازدا لێکدەدایەوە. کە لە لایەکەوە نێگەتیفانە و لە لاکەی دیکەوە پۆزەتیفانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، لە لایەنی دووری و نزیکیان لە یەکدیەوە دەخرێنە ڕوو.

بەڕێزی ئاماژەی بەوە دا، کە لە لایەنی یەکەمیاندا لە ناو بیروباوەڕی ئەفلاتووندا خۆی دەنوێنێ و شیعر لە خانەیەکی نزمتری بیرکردنەوەدا دانراوە و پەیوەندییەکانی بە فەلسەفەوە پچڕاوە.

لە لایەنی دووەمیاندا لە تایبەتی لە فەلسەفەی مارتن هایدگەردا شیعر و فەلسەفە هاوتەراز کراون و بوون بە دوو پرۆژەی ئاگامەندانە بۆ دۆزینەوەی ڕاستی بوون.



کۆڕەکەی نووسەر توێژینەوەیەکی فەلسەفی بوو، هەوڵی دا پەیوەندیەکانی نێوان شیعر و فەلسەفە بۆ ئامادەبووان، لە بەر ڕۆشنایی بیروڕاکانی ئەم دوو فەیلەسوفەدا ڕوون بکاتەوە و تیشک بخاتە سەر دەرخستنی ڕۆڵی شیعر لەسەردەمی تەکنەلۆجیای ئەمڕۆ و کاریگەریێتی شیعر بۆ چارەکردنی بەنامۆبوون و ناڕەسەن بوونی، بوونی مرۆڤ.

تێگەیشتنی توێژەر لە واتای هونەر لە قۆناغەکانی گەشەکردنی بیردا، بە بۆچوونی میتافیزیکیەوە گرێی دەدا و ڕاستەوخۆ کاریگەرێتی دەخستە پاڵ چیەتی و چۆنیەتی هونەرەوە و لەو چمکەوە تۆماری دەکرد و پشتگیری هیگڵی دەکرد لەوەی کە دەڵێ (میتافیزیکی ئەو تۆڕەیە هەموو شتێکی پێوە دەئاڵێ). بە بیروڕای ئەمیش بۆچوونی میتافیزیکی، هەرچ شێوازێک وەرگرێت، یان لە هەرچ سەرەتایەکەوە گەشتەکەی بخاتەگەڕ، لەوێوە ڕۆشنایی دەهاوێتە سەر واتای هونەر و پردی پەیوەندیەکانی لەگەڵدا هەڵدەبەستێت.



پێی وابووکاریگەرێتی میتافیزیک بەسەر هونەرەوە دەمانگەیەنێتە دانانی میتافیزیک بە پێشمەرجێکی پێویست بۆ ڕوونکردنەوەی واتای هونەر.

لە کۆڕەکەدا دکتۆر موحەمەد کەمال بە پێی هەڵسەنگاندنی بیروڕاکانی ئەفلاتون و هایدیگەر لەسەر کێشەی پەیوەندی نێوان شیعر و فەلسەفە ئاوڕێکی ووردی لە تێڕاوانینە میتافیزیکییەکانی ئەم دوو فەیلەسوفە دایەوە.

ئەفلاتوون (427. 347 پ.ز) پێشەوای ئەو فەیلەسوفانەیە لەسەر هونەر بە گشتی و شیعر بە تایبەتی نوسیبێتی. لە دیالۆگی (کۆمار) دا پاش سەپاندنی سانسۆرێکی ئایدۆلۆجی، شیعر دەخاتە ناو بەرنامەی پەروەردە و فێربوون بۆ دەستەی فەیلەسوفە دەستەڵاتدارەکە و ڕێگە نادات شاعیرێک لەگەڵ بۆچوونە میتافیزیکیەکانی ئەودا هاوڕا نەبێ و لە کۆمارەکەدا بژی.

نوسەر بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی نێگەتیفانەی ئەفلاتوون، گەڕایەوە سەر سیستەمە میتافیزیکییەکەی و لەوێوە بیروڕای ئەفلاتونی لە مەڕ شیعر و بەڵگەکانیشی دژی ناوەڕۆکی شیعر لە چەند خاڵێکدا ڕوونکردووە و تیشکی خستە سەر (بوون) ئایدیا لە فەلسەفەی ئەفلاتوندا، کە کۆپی ئایدیایە، جەختی لەوەکردەوە ئایدیا و کۆپی دوو شتی جیاوازن، یەکەمیان سەرچاوەی دووەمە و لەویش ڕاسترە. جیاوازە و ناسازی ئایدیا و کۆپی دوو لاینی (بوون) لە ناو دوو نهۆمی ئۆنتۆلۆجیدا دادەنێ، نهۆمی ئایدیاکان لە ژوور و نهۆمی کۆپیەکان لە خوار ڕادەگرێ. نموونەی کۆپی پۆستەری (گۆرنیکا)ی پیکاسۆی هێنایەوە کە لە بازاڕدا بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرێ.

خاوەن باس ئاماژەی بە بەشی چوارەمی دایەلۆگی (کۆمار)ی ئەفلاتون دا، لەسەر زاری سوکراتی مامۆستای کە هەوڵیداوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی لە واتای (دادپەروەری) بکۆڵێتەوە.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا بە گوێرەی سیستەمی میتافیزیکی ئەفلاتون، نوسەر گەیشتە سەر پەیوەندی نێوان ناوەڕۆکی شیعر و لەو پێگەیەوە بۆچوونی ئەفلاتونی لەسەر شیعر ڕوونکردەوە، کە

چۆن لە چەند دیالۆگێکدا، باسی هونەر و شیعری کردووە، بیروڕاکانی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، لە دیالۆگی (ئایۆن)دا، کە کورتترین دایەلۆکی ئەفلانونە و لە قۆناغی سەرەتایی بیرکردنەوەی فەلسەفیانەیدا نوسیویێتی، ئەفلاتوون شیعر بۆ سەرچاوەیەکی چاک و یەزدانی گەڕاندۆتەوە، بە ئیلهامێکی پیرۆزی داناوە.



نوسەر لە کۆڕەکەیدا تێکڕای بەڵگەکانی ئەفلاتوونی دژی شیعر لە چوار خاڵی سەرەکیدا کۆکردەوە:
خاڵی یەکەم: لە هەموویان گرنگترە و بەڵگەیەکە دژی هەموو شێوە هونەرییەکان دەخرێتە گەڕ. نموونەی بە تابلۆی پۆستاڵی هونەرمەند ڕوشدی ئەنوەر هێناوەتەوە، کە کۆپی یان ساختەی ئایدیاکەیەتی، ئەو پۆستاڵانەی لە دوکانێکدا دەفرۆشرێن. تابلۆ هونەریەکەی ئەم هونەرمەندەش نەیتوانیوە خۆی لە دوگما و ئەشکەوت ڕزگار بکات و ئەو ڕاستیەمان پێبناسێنێت لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدایە، کە پێشمەرجی ئینتۆلۆجیشە بۆ شتەکانی ناو ئەشکەوتەکە یان پۆستاڵەکانی ناو دوکان ئۆردوگاکانی سەربازان.
خاڵی دووەم: لە مەڕ سەرچاوەی شیعرنوسین و وروژاندنی عاتیفە دەدوێت.
خاڵی سێهەم: پەیوەندی نێوان عاتیفە و بابەتەکە دەردەخات.
لە خاڵی چوارەمدا دۆگمای ئەشکەوت و خۆبەستنەوە بە عاتیفەوە ڕێگە بە شیعر نادات دەستەواژەیەکی هەمەکی، وەک دەستەواژایەکی ماتماتیکی پێکبهێنێت.
دکتۆر موحەمەد کەمال لە دوو ڕووەوە لەگەڵ بۆچونەکانی ئەفلاتوندا ناکۆکی خۆی خستە ڕوو، یەکەمیان بۆچونەکانی ئەفلاتون بە ڕیالیستیانە دانانرێت لە ڕووی ئایدیاکان (وەکو جوانی و خۆشەویستی و دادپەروەری و پاکژی و بەختەوەری... هتد)، لە ڕوویەکی دیکەوە هونەر بۆ ئەم فەیلەسوفە ڕەنگدانەوەی داکەوتی ناو ئەشکەوتەکەیە، ئەفلاتون گوتەنی لاسایی کردنەوەیە.
پاشان لە درێژەی کۆڕەکەدا نوسەر هەندێک لە بۆچوونی ئەو فەیلەسوفانەی خستە ڕوو، کە هەوڵیانداوە، ڕەدی ئەفلاتون بدەنەوە و پردی پەیوەندی نێوان شیعر و فەلسەفە هەڵبەستن، بۆ نموونە هیگڵ و فریدریک نیتشە و هایدیگەر، کە ئەمیان ڕاستەوخۆ بۆچوونەکانی ئەفلاتونی خستۆتە ژێر نەشتەری ڕەخنەکاری و هەوڵی داوە پەیوەندی ناوەڕۆکی لە نێوان شیعر و فەلسەفەدا دابمەزرێنێت، هونەر بووە بە(هێزی ڕزگارکەر) بۆ مرۆڤی سەردەم و و ڕێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون لە ناو زەلکاوو قوڕاوی تەکنۆلوجیا.

یەکێک لەو پرسیارانەی بەڕێزی لە کۆڕەکەدا وروژاندی ووتی پێویستە لە خۆمان بپرسین بیرکردنەوەی تەکنەلۆجی چیە..؟! پاش ڕوونکردنەوەی دوو خەسڵەتی گرنگی ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە کاتی ئەوە هاتووە ناوەڕۆکی بدۆزینەوە و لەوێوە بیناسین، نوسەر لە بیرکردنەوەی تەکنەلۆجیانەدا نمونەی (چیای پیرەمەگرون کە کانی ئاسن و بەردە و ئاوبەندی دەربەندیخان سەرچاوەی وزەی کارەبا و دارستانەکانیش زەخیرەی تەختەن)ی هینایەوە، لە ئاستی بووندا ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی تەکنەلوجیامان وەکو (وەبەرهێنان بۆ دەخاتە ڕوو)، بە لای نوسەرەوە تەکنەلۆجیا بووە بە دەستەڵاتێکی داگیرکەر و ڕوخێنەر. هاوکات لەگەڵ پەرەسەندندا بووە بە زاگەی چەکی کۆکوژ و لەناوبردنی ژینگە و گۆڕانکاری نەرێ بۆ بەردەوامی ژیان.
نوسەر لە ئاکامی لیکۆڵینەوەکەیدا و پاش ئەوەی ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی تەکنەلۆجیانە و ستەمکاری ئەم شێوازی بیرکردنەوەیەی ڕوونکردەوە، لە خۆی پرسی ئایا چی هێزێک لە ژێر ستەمی تەکنەلۆجیا ڕزگارمان دەکات...؟
وەڵامەکەی بەو چاوپێکەوتنەی هایدیگەروە بەستەوە کە لە ساڵی 1966 ووتویەتی(خوا ئێمە ڕزگار دەکات). مەبەستی هایدیگەر لە چەمکی (خوا) لەم دەستەواژەیەدا پەنابردنە بەر بڕواگەری و کشانەوە بەرەو بیرکردنەوەی ئایدیالیستانە نیە. (خوا) ئاماژەکردنە بۆ بونێکی خاوەن دەستەڵات و هێزی (داهێنان)، کە لە ناو بڕوای ئاینەکان و بۆچوونی فێرگەکانی فەلسەفەی ئایدیالیستانەدا بووە بە (بار)ی بوونێکی ڕەها و لە دەوری (خۆ) مرۆڤدا دانراوە.
لەم بۆچوونەوە و لەبەر ڕۆشنایی دەستەواژەکەی هایدیگەردا، ئەگەر مرۆڤ (داهێنەر) نەبێت ئەوا لە (چوارچێوەی)ی (وەبەرهێنان)ی ستەمی تەکنەلۆجیادا دەبێت بە کۆیلەی سەردەمەکەی و کەلوپەلێک بۆ سود و قازانج بەکاردەهێنرێت.




نوسەر لەم ڕووەوە بە لایەوە هونەر و ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی خاوەنی ناوەڕۆکێکی تایبەت و جیاوازن لە تەکنەلۆجیا. ئەگەر ناوەڕۆکی تەکنەلۆجیا (وەبەرهێنان) بێت، ناوەڕۆکی هونەر و ئەدەب (داهێنان)ە یان دەرخستنی ڕاستی بوونە، لێرەدا جارێکی دیکە نوسەر تابلۆی (پۆستاڵەکانی) ڕوشدی ئەنوەری بە نمونە هێناوەیەوە و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە لاساییکردنەوەی پۆستاڵەکانی ناو ئۆردوگای سەربازی نیە و کەلوپەلێکیش نیە بۆ فرۆشتن لە

بازاڕدا دابنرێت. ئەو تابلۆیە بەرهەمێکی داهێنراو و زادەی بیرکردنەوەی هونەرمەندەکەیە و ڕاستیەکی بوونمان بۆ دەردەخات. هەروەها شیعری (دەربەندی پەپولەی)ی (شێرکۆ بێکەس)یش داهێنانێکی هونەرییە و بە زمانێکی شیعری ڕاستیەکی دیکەی بونمان بۆ دەردەبڕێت.

نوسەر جگە لە بیروبۆچونەکان و دیدی هایدیگەر، کە پێچەوانەی بوچونەکەی ئەفلاتونە دەربارەی ناوەڕۆکی شیعر، ناوەڕۆکی شیعرەکانی (فریدریک هۆڵدرن)ی شاعیری ئەڵمانی، کە هاوڕێی هیگڵ و شیلنگ بووە کردووە بە نموونە، کە دەمانگەیەنێتە ئاکامی هاوتەرازکردنی شیعر و فەلسەفە، کە بووە بە پەنجەرەیەک بۆ ڕوانین و تەماشاکردنی پەیوەندییەکانی زمان و خەیاڵی شیعری بە فەلسەفەوە.

بە شیکردنەوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە، هایدیگەر جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکات کە شیعر و فەلسەفە ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە کە دەرخستنی ڕاستی بوونە. هاوکات شیعر و فەلسەفە میتۆدی جیاوازیان بۆ دەربڕینی ئەو ڕاستیە هەڵبژاردووە.

دکتۆر محەمەد کەمال بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیە و مامەڵەکردن لەگەڵ بۆچوونەکەی هایدیگەردا پارچە هۆنراوەیەکی نالی(1800 – 1856) هاوسەردەمی (هۆڵدرن)ی، کردووە بە نموونە و بەڕای ئەو ئەم هۆنراوەیە بە دەربڕینێکی شاعیرانە کێشەیەکی هەرە گرنگی فەلسەفیانەی سەبارەت بە ڕاستی بوونی مرۆڤ دەرخستوو.:

نالی دەڵێت:

هەرچەند کە عومری خدر و جامی جەمت بوو
چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو
ئەی جامیعی دنیا و قیامەت بە خەیاڵت
ئەو ڕۆژەی کە مردی، نە ئەوت بوو نە ئەمت بوو.

توێژەر لەم هۆنراوەیەدا دەری خست نالی کاتیەتی بوونی مرۆڤ و هەوڵدانە ئۆقرە نەگر و بهودەییکەی بەرەو تەواو کۆیی لە بەردەمماندا ڕادەگرێ. لە لایەکەوە فرە لایەنی پرۆژەکانی بوون و لە لایەکی دیکەوە کورت نەفەسی ئەم بوونە، دوو کێشەی گرنگ و ناکۆک دادەنێت. ئەگەر مرۆڤ تەمەنێکی درێژیشی وەکو(خدر) هەبێت و خاوەنی دەستەڵات و توانای بە ئەنجامدانی پرۆژەکانیشی بێت، هێشتا ناتوانێت ڕەوتی بوونی بەرەو مردن ڕاگرێ و ژیانێکی هەمیشەیی بۆ خۆی هەڵبژێرێت.

توێژەر لە باسەکەیدا نموونەیەکی دیکەی لە هۆنراوەکانی نالی بە نموونە هێنایەوە بۆ پاڵپشتی بۆچوونەکانی کە دەڵێت:

لێم حەرامە دانە و ئاوی حەماماتی حەرەم
من کە بازی دیدەبازم نەک شەوارەی دەستەمۆم

بە بیروبۆچوونی توێژەر پارچە هۆنراوەکانی نالی ناوەڕۆکێکی فەلسەفیانەیان هەیە، شاعیرانە لە دەربڕینی ئەو ناوەڕۆکەدا ڕاستی بوونی مرۆڤ دەردەبڕن و مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی کات و ناتەواوی و نامۆیی و ڕەوتی بوون بەرەو و مردن دەکەن.

دکتۆر محەمەد کەمال لە کۆتایی توێژینەوەکەی دا بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند لەبەرئەوەی شیعر هێزێکی ڕزگاریکەرە دەنگی مرۆڤی خۆناس و ڕەسەنە. ڕەسەنێتی بوونیش – بە داهێنانەوە ڕوو لە داهاتوو دەکات و (ئێستا) ڕەتدەکات.

شیعر وەکو پڕۆژەی بوونێکی ڕەسەن ڕەوتێکی بێوەستانە بەرەو داهاتوو. شاعیریش ئەوەندە ئاوڕ لە (ڕابردوو) دەداتەوە تاکو سوودی لێوەرگرێ یان دڵنیا بێت لەوەی لە داهاتوودا سەرهەڵنەداتەوە. ئەوەندەی لە ناو (ئێستا)دا دەژی تاکو لەوێوە خۆی بە (داهاتوو) بگەیەنێت.

توێژەر لێکۆڵینەوەکەی بەوە کۆتایی پێهێنا، کە ئاکامی ڕوونکردنەوەکانی هایدیگەرەوە لەمەڕ ناوەڕۆکی شیعر و تەکنەلۆجیاوە، گەیشتۆتە ئەو خاڵەی هونەر بە گشتی و شیعر بە تایبەتی، ڕێگەچارەیە بۆ زاڵبوون بەسەر ستەمی تەکنەلۆجیادا و خزانە ناو (چوارچێوە)ی وەبەرهێنانەوە. هەرچەندە شیعر و فەلسەفە خاوەنی دوو میتۆدی جیاوازن، بەڵام لە ئامانجی گەشتەکەیاندا و مامەڵەکردنیان لەگەڵ زماندا هاوتەرازن. ئامانجی شیعر و فەلسەفە دۆزینەوەی ڕاستی و بوونە و زمانەکشیان ڕادیکاڵانە ئەو ڕاستیەمان پێدەناسێنێ. لە کۆتایی کۆڕەکەدا زۆربەی ئامادەبووان بەشداری گفتوگۆکانیان کرد و پرسیاری جدیان بەرەو ڕووی توێژەرکردەوە و بەڕێزیشی وەڵامی دانەوە و ئێوارە کۆڕێکی سەرکەوتوو گەرم و گوڕ بەڕێوەچوو.

